مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١

# دور المهرجانات في تسويق السياحة وجذب السياح في مدينة كلار

**أ. م. أزين كريم محمد**
جامعة كرميان / كلية التربية / قسم الجغرافيا

**البريد الإلكتروني Email :** azhinkarim988@gmail.com

**الكلمات المفتاحية:** المهرجان، مدينة كلار، تسويق السياحة.

**كيفية اقتباس البحث**

محمد ، أزين كريم ، دور المهرجانات في تسويق السياحة وجذب السياح في مدينة كلار،مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، كانون الثاني ٢٠٢٦،المجلد:١٦ ،العدد:١ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

مفهرسة في Indexed
IASJ

مسجلة في Registered
ROAD

# The Role of Festivals in Marketing Tourism and Attracting Tourists in Kalar City

**Assistant Professor. Azhin Karim Muhammad**
Garmian University / College of Education / Department of Geography

**Keywords** : Festivals, Kalar City, Tourism Marketing.

**How To Cite This Article**
Muhammad, Azhin Karim, The Role of Festivals in Marketing Tourism and Attracting Tourists in Kalar City, Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, January 2026,Volume:16,Issue 1.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract**

The aim of this research is to highlight the role of festivals in marketing tourism and attracting tourists to Kalar City by showcasing the natural and human potentials of the area, which facilitate the organization of various types of festivals. Additionally, the study seeks to demonstrate the capacity of festivals to promote tourism in the region by generating employment opportunities, fostering trade exchange, and attracting tourists and visitors to these events.

To achieve the research objectives, both descriptive and quantitative methodologies were employed. Data were collected from official sources and organizations, and the results were presented in various tables. Furthermore, spatial data for the phenomena under study were obtained using Google Earth Pro and subsequently reorganized and visualized in the form of maps through Geographic Information Systems (GIS.(

In line with its objectives, the research is divided into three main themes: The first theme outlines the theoretical framework of the study, discussing the concepts of festivals and tourism marketing. The second theme focuses on analyzing the potentials of the study area for hosting

festivals. The third theme examines the role of festivals in marketing tourism and attracting tourists to Kalar City.

In conclusion, the research has reached several key findings, including that the study area possesses numerous natural and human resources suitable for organizing various types of festivals. Moreover, festivals serve as a vital tool for marketing tourism and attracting tourists to Kalar City.

**الملخص**

يهدف هذا البحث إلى تسليط الضوء على دور المهرجانات في تسويق السياحة وجذب السياح في مدينة كلار، من خلال الاستفادة من الإمكانات الطبيعية والبشرية في مدينة ، والتي تساعد على إقامة أنواع متعددة من المهرجانات، ثم بيان قدرة هذه المهرجانات على تسويق السياحة في المنطقة من خلال توفير فرص العمل والتبادل التجاري وجذب السياح والزوار إلى المهرجانات. ولتحقيق هدف البحث، تم استخدام المنهجين (الوصفي والكمي)، حيث تم جمع البيانات من خلال المصادر الرسمية والمنظمات، ثم عرض النتائج في شكل جداول متنوعة، بالإضافة إلى الحصول على بيانات مواقع الظواهر باستخدام برنامج (Google Earth Pro) وإعادة تنظيمها وعرضها في شكل خرائط باستخدام نظم المعلومات الجغرافية (GIS). وفي ضوء هدف البحث، تم تقسيمه إلى ثلاثة محاور رئيسية: المحور الأول هو الإطار النظري للبحث، والذي يناقش فيه مفهوم المهرجان وتسويق السياحة، أما المحور الثاني فيتخصص بمناقشة إمكانيات منطقة الدراسة لإقامة المهرجانات، بينما يعرض المحور الثالث دور المهرجانات في تسويق السياحة وجذب السياح إلى مدينة كلار. وفي الختام، توصل البحث إلى مجموعة من النتائج، منها أن منطقة الدراسة تمتلك العديد من الإمكانات الطبيعية والبشرية لإقامة أنواع مختلفة من المهرجانات، كما أن المهرجانات تُعد أداة مهمة لتسويق السياحة وجذب السياح إلى مدينة كلار.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ١

# ڕۆڵی فیستیڤاڵەکان لە بە بازاڕکردنی گەشتوگوزار و ڕاکێشانی گەشتیار لە شاری کەلاردا

م.ی.ئەژین کریم محمد
زانکۆی گەرمیان/کۆلێجی پەروەردە / بەشی جوگرافیا

## پێشەکی

بە بازاڕکردنی گەشتوگوزار لە سەردەمی ئێستادا یەکێکە لە ڕێگا کاریگەرەکان بۆ ڕاکێشانی گەشتیار و زیادبوونی داهاتی گەشتوگوزاری، بەرێگای جیاواز و سود وەرگرتن لە توکنۆلۆجیای سەردەم، فیستیڤاڵەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە بواری گەشتوگوزاری و ڕاکێشانی گەشتیار هەیە، چونکە فستیڤاڵەکان نەک تەنیا کەلتوور و نەریتەکانی ناوچەیەک نیشان دەدەن، بەڵکو ڕێگایەکی کاریگەرن بۆ هاندانی گەشتیاران و دروستکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی.
شوێنی جوگرافیایی شاری کەلار یەکێکە لە پاڵنەرە سەرەکی و گرنگەکان بۆ هاتنی ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیانی دەوروبەری کەلار وەکو گەشتیار بۆ فیستیفاڵەکانی شارەکە و بە بازاڕکردنی گەشتوگوزاری.

## کێشەی توێژینەوەکە

لەگەڵ ئەوەی ناوچەی تویژینەوە خاوەنی چەندین توانستی سروشتی و مرۆییە، بەڵام بە هۆی نەبوونی پلان و کەمی ڕۆشنبیری گەشتوگوزارییەوە، نەتوانراوە سود لە ئەنجامدانی جۆرە جیاوازەکانی فیستیڤاڵ وەبگیرێت بۆ بەبازاڕیکردنی گەشتوگوزار لە ناوچەکە، بەتایبەت دوای زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکە و زیادبوونی دواوکاری و پێوستیان بە ئەنجامدانی فستیڤاڵەکان بۆ گەشەسەندنی لایەنی دەروونی و ئابووری دانشتوان.

## گریمانەی توێژینەوەکە

- قەزای کەلار خاوەنی چەندین توانستی سروشتی و مرۆیی گرنگە بۆ ئەنجامدانی فیستیڤاڵ لە ناوچەکە.
- ئەگەری پەرەپێدان و ئەنجامدانی فیستیڤاڵە جیاوازەکان لە شارەکەدا، ئەکرێت ببێتە هۆکارێکی کاریگەر بۆ بابازاڕکردنی گەشتوگوزار و ڕاکێشانی گەشتیار بۆ ناوچەکە.

## گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە تیشک ئەخاتە سەر بابەتێکی گرنگی پەیوەست بە مرۆڤەوە، کە ئەویش کەرتی گەشتوگوزارە، کە پێشخستنی هۆکارێکی سەرەکییە بۆ پێخستنی کۆمەڵگا لە ڕووی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیرییەوە.

## ئامانجی توێژینەوەکە

- خستنەڕووی توانستە سروشتی و مرۆییەکانی ناوچەی توێژینەوەکە بۆ ئەنجامدانی جۆرەجیاوازەکانی فیستیڤاڵ.
- دەرخستنی ڕۆڵی فیستیڤاڵەکانە لە ڕاکێشانی گەشتیاران و زیابوونی ئاڵوگۆڕی بازرگانی.
- خستنەڕووی پێشنیارەکان بۆ پێشخستن و ئەنجامدانی جۆرە جیاوازەکانی فیستیڤاڵە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە .

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ١

**میتۆدیی توێژینەوەکە**

لە گرنگترین میتۆدە بە کارهاتووەکان لەم لێکۆڵینەوەدا بریتیین لە:

➢میتۆدیی وەسفی بۆ ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە و میتۆدیی ئسوڵیی بۆ دەرخستنی توانستەکانی ناوچەکە بۆ ئەنجامدانی فیستیڤاڵ.

➢میتۆدیی دووەم میتۆدیی تاقیکاری، کە بە چەند قۆناغێک جێبەجێ ئەکرێت، سەرەتا کۆکردنەوەی داتا لە ڕێگەی سەرچاوەی فەرمی و ڕێکخراوەکان دەرخستنی ئەنجامەکان لە شێوەی خشتە و شێوەی جۆراوجۆر،هەروەها وەرگرتنی داتایی شوێنی دیاردەکان لە ڕێگای بەکارهێنانی بەرنامەکانی (Google pro earth) و دووەبارە ڕێکخستن و نیشاندانییان بە شێوەی نەخشە لە ڕێگەی بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان (GIS).

**پلانی توێژینەوەکە**

بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی، توێژینەوەکە دابەش کراوەتە سەر پێشەکیی وسێ تەوەریی سەرەکی، تەوەرەی یەکەم، چوارچێوەی تیوری توێژینەوەکەیە تەوەرەی دووەم تایبەت دەکرێت بە باسکردنی توانستەکانی شاری کەلار بۆ ئەنجامدانی فیستیڤاڵەکان، تەوەرەی سێیەم ڕۆڵی فیستیڤاڵەکان لە بەبازاڕیکردنی گەشتوگوزار و ڕاکێسانی گەشتیار لە شاری کەلار دەخرێتە ڕوو. پاشان بە چەند دەرئەنجام و پێشنیارێك کۆتایی هاتووە.

**تەوەری یەکەم/ چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە**

**یەکەم-فیستیڤاڵ Festival**

فیستیڤاڵەکان یەکێک لە ڕووداوە کولتوورییە گرنگەکانی مرۆڤایەتین، کە بەدرێژایی مێژوو خەڵکی جیهان بەهۆی جۆرەها هۆکار کۆکردۆتەوە. ئەم بۆنانە تەنها بۆ خۆشی و پشوودان نییە، بەڵکو ڕێگایەکن بۆ پاراستن و گەیاندنی کولتوری نەتەوەیی و ئاینی جۆراوجۆرەکان. لە سەردەمی ئێستادا، فیستیڤاڵەکان بوونەتە ئامرازێکی گرنگ لە بواری گەشتوگوزار و ئابووری، کە ساڵانە ملیۆنان گەشتیار ڕاکێشێت و سوودی ئابووری زۆر بۆ وڵاتانی میواندار دەهێنێت.

ووشەی (فیستیڤاڵ) لە ووشەی ئینگلیزییەوە (Festival) هاتووە، کە خۆی لە زمانی لاتینییەوە (Festivus) وەرگیراوە، واتا جەژنی پیرۆزیان کاتێکی خۆش1.لە ڕەچەڵەکدا فیستیڤاڵەکان پەیوەست بوون بە ئاهەنگە ئاینییەکان یان وەرزە کشتوکاڵییەکان.2

(فیستیڤاڵ) چەندین پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە بە پێێ پسپۆڕییە جیاوازەکان:

لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە (فالک-Falck ) فیستیڤاڵ پێناسە دەکات وەک (بۆنەیەکی کاتیی کۆمەڵایەتییە کە خەڵک بەهۆی ئاهەنگگێڕان یان بەرزکردنەوەی بەنرخێکی کلتوری، ئایینی، یان مێژوویی کۆدەبنەوە).[3]

لە ڕوانگەی ئابووریەوە (گێتز-Getz ) فیستیڤاڵ پێناسە دەکات وەک (ڕێوڕەسمێکی ڕێکخراوە کە کاریگەری ئابووری و کولتووری هەیە و دەبێتە هۆی گەشتو گوزار و گەیاندنی سەرچاوەی داهات بۆ ناوچەی میوانداریکەر).[4]

لە ڕوانگەی کلتوری و نەتەوەیی (الحاج) فیستیڤاڵ پێناسە دەکات وەک (بۆنەیەکی فەرمی یان نافەرمییە کە لەلایەن کۆمەڵگەیەکەوە بە مەبەستی بەڵێندان یان بەرزکردنەوەی کەسایەتی کلتوری و نەتەوەیی ئەنجام دەدرێت).[5]

له ڕوانگەی زانستی مێژوو و ئەنترۆپۆلۆجی (تۆرنەر-Turner ) فیستیڤاڵ پێناسە دەکات (کاتێکی تایبەتییە کە مرۆڤ لە ڕۆتینی ڕۆژانە دەرباز دەبێت و دەچێتە ناو جیهانێکی پڕ لە وەسف و ڕەمز و بەها ئایینییەکان)[6]

**دووەم-جۆرەکانی فیستیڤال**

بەو پێیەی فیستیڤال بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی و کلتورییە کە بە مەبەستی خۆشی و پێکهاتنەوەی کۆمەڵگا، ئاهەنگگێران بۆ بەرهەمێکی هونەری، ڕووداوێکی مێژوویی، یان بۆنەیەکی تایبەت بەڕێوەدەچێت. جۆرەکانی فیستیڤاڵ جیاوازن و دابەش دەکرێن بەپێی ئامانج، ناوەڕۆک، و کەسایەتییە بەشداربووەکان. جۆرە سەرەکییەکانی فیستیڤاڵ بەپێی تایبەتمەندییەکانیان بریتین لە:

1- فیستیڤاڵە هونەری و کولتوورییەکان(Cultural & Arts Festivals): فیستیڤاڵێکە کە تایبەتە بە ناساندنی هونەر، نمایش، و میراتی کولتووری بۆنموونە فیستیڤاڵی فیلمی کان (Cannes Film Festival).[7]

**2**- فیستیڤاڵە مۆسیقییەکان(Music Festivals) بۆنەیەکی کاتییە کە تایبەتە بە پێشکەشکردنی مۆسیقا جیاوازەکان بۆ نمونە فیستیڤاڵی مۆسیقا لە جدە (مهرجان جدة للموسيقى).[8]

3 -فیستیڤاڵە ئایینی و نەریتییەکان (Religious & Traditional Festivals) پەیوەستە بە بۆنە ئایینییەکان یان نەریتە کۆنەکان بە نمونە جەژنی قوربان (فیستیڤاڵی ئیسلامی)[9] و دیوالی (فیستیڤاڵی هیندی).[10]

4- فیستیڤاڵە خواردن و کشتوکاڵەکان (Food & Harvest Festivals) تایبەتە بە ناساندنی خواردنە نەریتییەکان یان بەرەوپێشبردنی کشتوکاڵ بە نمونە (Taste of Chicago) لە ئەمریکا.[11]

**سێیەم-گرنگی فیستیڤاڵەکان لە بوار بە بازارکردنی گەشتوار و ڕاکێشانی گەشتیار**

فیستیڤاڵەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە بواری گەشتوگوزاری و ڕاکێشانی گەشتیار هەیە، چونکە ئەم ڕووداوانە نەک تەنیا کەلتوور و نەریتەکانی ناوچەیەک نیشان دەدەن، بەڵکو ڕێگایەکی کاریگەرن بۆ هاندانی گەشتیاران و دروستکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

بەگشتی گرنگی فیستیڤاڵەکان لە بواری گەشتوگوزاردا بریتین لە:

**1-ڕاکێشانی گەشتیاران:** فیستیڤاڵەکان وەک "کارنیڤاڵی ڕیۆ" یان "ئۆکتۆبەرفێستی مۆنشن" ساڵانە 1

ملیۆنان گەشتیار ڕاکێشاوە.[12]

**2-کاریگەری ئابووری:** لە ڕێگەی زیاکردنی فرۆشی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان چونکە لە کاتی **2**

فیستیڤاڵەکان داواکاری لەسەر خزمەتگوزارییەکانی وەک هۆتێل و ڕێستۆرانەکان زیاد دەکەن.[13]

هەروەها فیستیڤاڵەکان هۆکارێکی ڕەخساندنی هەلی کار بە نمونە لە فیستیڤاڵی(ڕۆجەهەلات) لە میسر، نزیکەی (1000) هەلی کاری ڕەخساندووە.[14]

**3- ناساندنی کولتوری ناوخۆیی:** بە نمونە فیستیڤاڵی (سەن جاکینتۆ) لە مەکسیک لە ڕێگەیەوە کولتوری ناوخۆی مەکسیکی بە جیهان ناساندووە.[15]

**چوارەم- بە بازارکردنی گەشتوگوزار**

بەبازارکردنی گەشتوگوزار لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەستی پێکرد، کە یەکەم ڕێکخراوە گەشتیارییەکان وەک (Thomas Cook دەستیان بە ڕێکخستنی گەشتە گشتییەکان کرد.[16]

له سـەدەی بیستـەمدا(1981)، گەشـتوگوزار بـوو بە پیشـەیەکی جیهـانی، و بەبـازارکردنی گەشـتوگوزار گەشـەی سـەند و تەکنیکەکـانی وەک ڕیکـلام، بەڵگەفیلم، و دیجیتـاڵ مارکێتینـگ بەکارهات .[17]

بەبازارکردنی گەشتوگوزار وەک هەرچەمکێکی تر پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە لەوانە:

له ڕوانـگەی (Kotlerl) بەبـازارکردنی گەشتوگوزار بـریتییە له (پرۆسـەی دیزاینکـردن و بڵاوکردنەوەی ئەو پلانانەی کە دەبنە هۆی ڕاکێشانی گەشتیاران بۆ ناوچەیەکی دیاریکراو[18] .

له پێناسەی(WTO) بەبازارکردنی گەشتوگوزار "کۆمەڵە چالاکییەکی ڕێکخراوەیە کە ئامانجی زیادکردنی دەرفەتی گەشتوگوزار و باشترکردنی ئەزموونی گەشتیارانە[19]).

هەروەهـا(Morrison) له پێناسـەی بەبـازارکردنی گەشـتوگوزار نوسـیویەتی "بەکارهێنـانی تەکنیکەکانی بازاڕکردنە بۆ گەشەپێدان و پاراستنی دیمەنی گەشتوگوزار له ناوچەیەکدا."[20]

لەژێـر ڕۆشـنای ئەم پێناسـانەوە دەتـوانین بڵـێن "بـازاڕکردنی گەشـتوگوزار ( Tourism Marketing) پرۆسـەیەکی سـتراتیژییە کە ئامـانجی پەرەپێـدانی گەشـتوگوزار و زیـادکردنی ڕێـژەی سـەردانیکەرانە له ڕێگـای ناسـاندنی شـوێنە گەشـتیارییەکان و خزمەتگـوزارییە پەیوەندیدارەکان"

**پێنجەم-گرنگی بەبازارکردنی گەشتوگوزار**

بەبازارکردنی گەشتوگوزار کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر :

١-گەشـەپێدانی ئـابووری: گەشـتوگوزار سـەرچاوەی داهـاتی زۆرە بـۆ وڵاتـان، بەتـایبەت ئەو وڵاتانەی کە سەرچاوەی سروشتی یان کولتوورییان هەیە.21

٢-ناسـاندنی کولتـوری و سروشـت: بەبـازارکردنی گەشـتوگوزار یـارمەتی دەدا کە شـوێنە ناسراوەکان و کولتوری ناوخۆیی بە جیهان ناسێنرێن.22

٣-درووسـتکردنی کـار: پیشـەی گەشـتوگوزار فرەتـرین کـار دەڕەخسـێنێت له بـواری خزمەتگوزاری و گەشتوگوزار .23

**شەشەم-ئامانجەکانی بەبازارکردنی گەشتوگوزار**

ئامانجە سەرەکییەکانی بەبازارکردنی گەشتوگوزار بریتین له :

1-زیادکردنی ژمارەی گەشتیاران بۆ ناوچەیەک.

2-ناساندنی بەرهەمە گەشتییەکان بە شێوەیەکی کاریگەر.

3-پاراستنی سروشت و کولتوری لەکاتێکدا گەشتیاران زیاد دەکرێن.24

4-گەشەپێدانی توری گەشتوگوزاری خۆجێیی و نێودەوڵەتی.25

**حەوتەم-ستراتیجییەکانی بەبازارکردنی گەشتوگوزار**

1-سـودوەگرتن له ئینتەرنێـت بەکارهێنـانی گووگـڵ و ڕێکلامـی سۆشـیال میـدیا بـۆ گەیشـتن بە گەشتیاران.26

2-ناساندنی شوێنە گەشتییەکان بە هۆی تەکنەلۆژیای (AR/VR ).27

3-درووستکردنی پاکێجی گەشتیاری تایبەت وەک گەشتی کولتوری یان گەشتی سروشتی .

4-تێگەیشتن لە خواستی کەسی گەشتیاران بۆ زیادکردنی دڵخۆشیان.28

5-داشکاندن لە نرخی هۆتێل و هێڵی ئاسمانی و دابینکردنی تکتی هەرزانتر بۆ گەشتیاران .29

**تەوەری دووەم/ توانستەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ ئەنجامدانی فیستیڤاڵ**

ئەنجامدانی فیستیڤاڵ و سەرکەوتنی دەکەوێتە ژێر کاریگەری کۆمەڵێک فاکتەرەوە کە پەیوەندییان بە تایبەتمەندییەکانی خوودی ناوچەکەوە هەیە، مەبەستمانە هەریەکە لەو پاڵنەرانە بخەینەڕوو کە کاریگەرییان هەیە لەسەر ڕێژەی سەرکەوتنین بەردەوامی ئەو فیستیڤاڵانەی لە شاری کەلاردا ئەنجام دراون یان دەکریَ ئەنجام بدرێن، لەوانەش زۆربوونی ژمارەی دانشتوان و پێکهاتەی ئابووری و هەڵکەوتەی جوگرافی کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر ژمارەی سەردانیکەران و هاتنی گەشتیاران و ئاڵوگۆرە بازارگانیەکان لە هەر فیستیڤاڵێکدا هەیە.

**1- شوێنی جوگرافی و ئەسترۆنۆمی**

شوێن و پێگە بایەخێکی زۆری لە توێژینەوە جوگرافییەکاندا هەیە، جوگرافیناسان هەوڵیانداوە جیاوازی لە نێوان هەریەکە لە شوێنی جوگرافی شار (الموقع الجغرافي) (Location) و پێگەکەیدا بکەن (الموضع) (Site)، مەبەست لە پێگە (Site) ئەو پارچە زەوییەیە کە شاری لەسەر دادەمەزرێت لەوێوە فراوان دەبێت و بەرەوپێش دەچێت، کە ڕووی زەوی بەرزونزمییەکانی و پێکهاتەی جیۆلۆجی و چەندین خەسڵەتی تر دەگرێتەوە، گرنگی پێگە لەوەدایە، کە کاریگەریەکانی لەسەر بناغەی دروستبوونی شار و تۆڕەکانی هاتوچۆ دەردەکەوێت کە ئەوەش کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر جوڵەی مرۆڤ و شێوازی ژیان لە ناو شاردا،[30] بەڵام شوێن (Location) دیاریکردنی شار و بەیوەندی بە ناوچە یان هەرێمەکانی دەروروبەری، کە گرنگی تایبەتی هەیە لە دیاریکردنی ڕۆڵی شار و ئەو ئاستەی کە لە ئایندەدا پێدەگات.[31]

شوێنی جوگرافی یەکێکە لە گرنگترین پێکهاتەکانی ژینگەی سروشتی، بە جۆرێک کاردەکاتە سەر دیاریکردنی شوێنی وولات و شار و ناوچەی بازرگانی و سەنتەری خزمەتگوزارییەکان و شوێنی بەرهەمهێنان و بەکاربردن، شاری کەلار دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی("27'39°34 - "12'36°34)ی باکوور و هێڵی درێژی ("49'21°45 -"12'17°45)ی ڕۆژهەڵات، لەسەر ڕووبەرێکی تەخت بنیات نراوە، کە بەرزێکەی لە ئاستی ڕووی دەریاوە (200-283) مەتردایە. کە ئەمەش لێژییەکی کەمی تیا نیە کە ئاستەنگی سروشتی لە بەردەم دروستکرنی دامەزراوەکان و فراوانبوونی شاردا لە داهاتووی شارەکەدا.شاری کەلار لە ڕووی جوگرافییەوە دەکەوێتە ناوچەی نیمچە شاخاوی، هەر وەک لە نەخشەی (1) دەردەکەوێت، لە ناوچەی بان و گردەکانی کەرکوکدایە، دەکەوێتە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە، وەکو ناوەندی ئیدارەی گەرمیان دەکەوێتە دووری (269کم) لە هەولیری پایتەختەوە، هەروەها (173کم) لە شاری کەرکوکەوە دوورە و (144کم) لە شاری سلێمانییەوە.[32]


ئەم شارە دەکەوێتە سەر هێڵی گوستنەوەی (پارێزگای سلێمانی- کەلار- پارێزگای دیالە- پایتەختی عێراق"بغداد")، هاوکات لە ڕێگەی هێڵی کفرییەوە دەبەسترێتەوە بە پارێزگای کەرکوکەوە، لە ڕۆژهەڵاتەوە (35کم) لە خاڵی سنووری پەروێز خانەوە دوورە، کە لە ڕێگەیەوە شاری کەلار بە شاری (قەسری شرین) لە کۆماری ئسلامی ئێرانەوە دەبەسترێتەوە. هەروەها ئەم شارە

دەکەوێتە (202کم) لە باکووری بەغدادی پایتەختەوە دوورە، لە بەشی ڕۆژهەڵاتەوە کە نزیکترین دووری هەیە لەگەڵ شاری بەغداد و بەشەکانی تری ناوەڕاستی عێراقدا.[33] بە هۆی شوێنی جوگرافێکەیەوە قەزای کەلار بوەتە یەکێک لە قەزا گرنگ و ستراتیجیەکان، کە ناوەندی ئیدارەی گەرمیانە، هەروەها شوێنی ناوچەی لێکۆڵینەوە رۆڵی گرنگی لە قەبارە و ڕووبەری شارەکە هەیە لە ڕووی خێرا فراوان بوون و گەشەسەندنەوە و چالاکیە ئابووریەکانیەوە، ڕووبەری شاری کەلار دەگاتە (17.271)کم$^2$. لە (32) گەرەک پیک هاتووە، کە سنووری ناوچەی لێکۆلینەوەکەمان دەگریتەوە. لێرەدا دەتوانین بڵێین شوێنی جوگرافیایی شاری کەلار یەکێکە لە پاڵنەرە سەرەکی و گرنگەکان بۆ هاتنی ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیانی دەووروبەری کەلار وەکو گەشتیار بۆ فیستیفاڵەکانی شارەکە، کە لەم ڕووەوە بووتە خالێکی ئەرێنی گرنگ بۆ شاری کەلار.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 1
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

نەخشەی (1) شوێنی شاری کەلار بەگوێرەی ئیدارەی گەرمیان وقەزای کەلار وهەرێمی کوردستان وعێراق لە ساڵی 2025




کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1- شاهۆ سالح ئەمین وئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کەردستانی عێراق، عێراق و جیهان، چاپی یەکەم، کۆمپانیایی تێنوس، هەولێر، 2009، لا39.

2- حوکمەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، نەخشەی کارگێری پارێزگای سلێمانی، بەشی Gis، 2012.

3-بەرنامەی arc gis 10.8

**2-تایبەتمەندییەکانی دانیشتوان**

ئاشکرایە ئەنجامدانی فیستیڤاڵ یان هەر جۆرە چالاکییەکیتر لە شارەکان بە مەبەستی خزمەت کردنە بە دانیشتوان، دانیشتوانیش ڕۆل و کاریگەری گەورەیان هەیە لە دیاریکردنی جۆری فیستیڤاڵەکان بە پێی تابەتمەندیەکانیان، کە کرێت ڕێگەیەوە ئاستی پێوستی دانیشتوان بۆ جۆرێکی تایبەتی فیستیڤاڵ لە ئاییندەدا بزانرێت.

**أ- زۆربوونی دانیشتوان لە شاری کەلاردا**

مەبەست لە گەشەی دانیشتوان ئەو گۆڕانکارییەیە کە ڕوودەدات، لە قەبارەی دانیشتوانی ناوچەیەک، گەشەی دانیشتوان بە یەکێک لەو بابەتە گرنگانە دادەنرێت کە پێوستە لە هەر

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ١

لێکۆڵینەوەیەکی دانیشتواندا لە بەرچاو بگیرێت، تێکرای زیادەی دانیشتوان بە یەکێک لە پێوەرەکانی گەشەی دانیشتوان هەژماردەکرێت.[34] سەبارەت بە گەشەی دانیشتوان لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا، دەتوانین بڵێن شاری کەلار وەکو هەموو شارەکانی تری هەرێمی کوردستان، بە چەندین قۆناغ و بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رامیاری دا تێپەڕیوە، کە ڕەنگدانەوەی لەسەر گەشەی دانیشتوانەکەی هەبووە، کەلار پێش ئەوەی بکریتە ناوەندی قەزای کەلار، تەنها گوندێک بوە (کەلاری کۆن)، بەڵام پاش ئەوەی لە ساڵی (1970) شاری کەلار دامەزرا، تەنها لە (3) گەڕەک پێک هاتووە، کە ئەوانیش (کەلاری کۆن، بنگرد، حەمەی کەریم) بوو، کە ئەو کات ژمارەی دانیشتوانی شارەکە (1324) کەس بووە،[35] پاشان لە ساڵی (1977) دانیشتوانی شاری کەلار بوە بە (9177) کەس، لە ساڵی (1987) ژمارەی دانیشتوانی شارەکە بوە بە (63102) کەس،[36] ئەمەش گەشە کردن و زۆربوونێکی خێرای و نائاسایە لە ژمارەی دانیشتوانی شارەکە، کەدەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکار لەوانەش:

١-بەهۆی جەنگی نێوان عێراق و ئێران لە ساڵانی (1980-1988)، ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی قەزاکانی (خانەقین و دەربەندیخان) ڕوویان لە شاری کەلار کردوو تێدا نشتەجێ بوون.[37]

٢-هەروەها چۆڵکردنی گوندەکانی دەوروبەی قەزای کەلار و کفری و ڕووخاندنیان، پاشان گوستنەوەی دانیشتوانەکەیان بۆ سەنتەری شاری کەلار و ئۆردوگای زۆرەملی (سمود) لە ساڵی (1987).

٣-دەسپێکردنی شاڵاوی سێی ئەنفال لە ڕێکەوتی (7-4-1988) تا (20-4-1988)، کە زۆربەی دانیشتوانی گوندەکانی سەر بە ناوەند و پێباز و تیلەکۆ سەر بە قەزای کەلار بەتەواوی چۆڵکران گوسترانەوە بۆ شاری کەلار کە نزیکەی (168) گوند بوون[38].

لە ساڵی (2002) ژمارەی دانیشتوانی شاری کەلار گەیشتوتە (90519) کەس و لە ساڵی (2012) گەیشتوتە (132197)کەس،[39] لە ساڵی (2015) ژمارەی دانیشتوانی کەلار گەیشتوتە (134488) کەس،[40] لە ساڵی(2017)دا ژمارەی دانیشتوان (139974) کەس بووە،[41] شێوەیەکی گشتی شوێنی شاری کەلار ڕۆلێکی گرنگ و کاریگەری هەیە لە سەر زیادبوونی قەبارە و ڕووبەری شارەکە، وەکو لە پێشتر ئاماژەمان پێکردووە کە خاڵێکی نێوانبەندی ناوچە (خانەقین، جەلەولا، قەرەتەپە، کفری،ڕزگاری) دەبەستێتەوە بە شارە گەورەکانی (سلێمانی، کەرکوک، دیالە) لە لایەکەوە، لە لایەکی ترەوە پردی پەڕینەوەیە لەنێوان هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی تری عێراق،[42] کە وایکردووە ببێتە هۆی زۆربوونی جموجۆڵی ئابووری لە شاری کەلار و ڕاکێشانی دانیشتوانی ناوچەکانی دەوروبەر بۆ ناو شارەکە، هەروەها یەکێکی تر لە هۆکارەکانی قەرەباڵەغی و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی شاری کەلار بریتییە لە گۆڕانکارییە ئیدارییەکان و دامەزراندنی ئیدارەی گەرمیان لە ڕێکەوتی (25-2-2007)،[43] لە ساڵێ (2024) ژمارەی دانیشتوانی شاری کەلار (188810) کەسە، کە دابەش دەبێت بەسەر (32)* گەڕەکدا، بۆمان دەردەکەوێت شاری کەلار لە ماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوودا (29) گەڕەک زیادی کردووە، بەهۆی زیادبوونی بەرچاو لە ژمارەی دانیشتوانی شارەکە لەو ماوەیەدا، زیادبوونی دانیشتوانیش پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی هەیە لەگەڵ زیادبوونی داواکاری و خواست لەسەر ئەنجامدانی فیستیڤاڵ و چالاکیە جیاوازەکان بەتایبەتی وەکو لایەنێکی گرنگ و پێویست بۆ حەوانەوە و پشوودانو کات بەسەربردن، چونکە وەکو دەزانرێ لەگەڵ زۆربوونی دانیشتوان و زیادبوونی قەرەباڵغی، هاوڵاتییان زیاتر پێوستییان ئەم جۆرە چالاکیانە دەبێت مەبەستی پشوودان.

**ب- پێکهاتەی ئابووری دانیشتوان**

پێکهاتەی ئابووری دانیشتوان کاریگەری پۆزەتیڤانەی ڕوون و ئاشکرای لەسەر زیادکردنی قەبارەی داهاتی گەشتیاریەوە هەیە، ئەمەش لە ڕێگەی هەژمارکردنی نێوەندی داهاتی تاکە کەس و خێزان و داهاتی نشتمانی و پەیوەندی بە خۆشگوزەرانی دانیشتوانەوە هەیە، بەتایبەت شارنشینەکان، هەتاکو داهات بەرزبێت خواست لەسەر گەشتوگوزار و کات بەسەربردن زیاد دەکات، بەتایبەت لە کاتی مۆڵەت و پشوە فەرمییەکان، بەڵام پێچەوانەکەی ڕوودەدات، لە کاتێکدا کە ئاستی داهاتی تاکەکان نزم بێت، ئەگەر هاتوو کاتەکان بەتاڵیش هەبێت.[44]

سەبارەت بە لایەنی ئابووری ناوچەی لێکۆڵینەوە، بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی شاری کەلار وەک لە پێشووتر ئاماژەمان پێکردووە، نزیکی شارەکە لە مەرزی نێودەوڵەتی پەروێزخانەوە، کاریگەری گەورەی لەسەر جوڵەی بازرگانی لە شارەکە بە دۆزینەوەی هەلی کار بۆ بەشێک لە دانیشتوانی شارەکە و بەرزبوونەوەی داهاتیانەوە هەیە بە جۆرێک:

١-لە دەروازەی نێودەوڵەتی پەروێزخان نزیکەی (1200) بازرگان هەن، هەروەها (2700) شۆفێری بارهەڵگر هەن کە نزیکەی (50%) شۆفێران دانشتووی شاری کەلارن.
٢- (8) قەپان و (7) کۆمپانیای ئەهلی لە دەروازەی نێودەوڵەتی پەروێزخان کاردەکەن، کە توانیویانە هەلی کار بۆ دەیان کرێکارو کارمەند بڕەخسێنن لە دەرچووی دانەمەزراوی زانکۆو پەیمانگا و خەڵکی شارەزا، کە زۆرینەی زۆریان ئەو کارەی لەدەروازە دەیکەن تەنها سەرچاوەی بژێوییانە.
٣- جگە لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگ و دەروازە (18) بنکەی دام و دەزگا پەیوەندی دارەکان لەناو دەروازەی نێودەوڵەتی پەروێزخان هەن، کە بەهەموو دام و دەزگاکانەوە زیاتر لە (700) کارمەند و فەرمانبەری حکومەت تێیاندا دەوام دەکەن.
٤- کۆی گشتی ئەوانەی لەکەرتی حکومی و تایبەت و کۆمپانیا و شوێنکارەکانی ناو کۆمەڵگاکە کاردەکەن نزیکەی (4420) کەسن.[45]
کە ئەمەش یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی کۆچکردنی هاوڵاتیانی قەزا و ناحیەکانی دەورووبەری شارەکە بۆ ناو شاری کەلار و نیشتەجێبوونیان تێیدا و بەرزبوونەوەی نرخی زەوی لە شاری کەلاردا، بە جۆرێک گرانترین نرخی زەوی لەم شارەدایە

**ت-پێکهاتەی خوێندەواری**

مەبەست لە پێکهاتەی خوێندەواری دابەشبوونی دانیشتوانە بە پێی ئاستی خوێندەواری و پەروەردەییان، کە دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی دانیشتوان بپێورێت،[46] پێکهاتەی خوێندەواری بە پاڵنەرێکی کاریگەر دادەنرێت لەسەر داواکاری لەسەر ئەم جۆرە چالاکیانە لە شارەکاندا، چونکە ئاستی خوێندەواری ڕۆشنبیری کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر زۆرکردنی خواست چ لەسەر ئاستی ناوخۆی یان دەرەکی بێت، سەرچاوەی سەرەکی ڕۆشنبیری تاکەکان دادەنریت و پاڵنەری زیاتر دەبێت بۆ گەشتوگوزار و بەسەربردنی کاتە بەتاڵەکان، بە پێچەوانەی کەسێکی نەخوێندەوار.[47] سەبارەت بە پێکهاتەی خوێندەواری لە شاری کەلار بە پێیَ داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی بۆ ساڵی (2020) کۆی گشتی ژمارەی خوێندکارانی شاری کەلار (61121) خوێندکارە، لەو ژمارەیە (47912) خوێندکاری بنەڕەتییە، (13214) خوێندکارەی ئامادەییە، کۆی گشتی مامۆستایان و فەرمانبەرانی بەڕێوبەرایەتی پەروەدەی گەرمیان ژمارەیان (5785) کەسە. کە لەناوچەی لێکۆڵینەوە ژمارەی

خوێندگەی بنەڕەتی بریتییە لە (211) خوێندنگە، کۆی گشتی ژمارەی خوێندنگەی ئامادەیی (31) خوێندنگەیە، هەروەها کۆی گشتی باخچەی منداڵان (16) باخچەیە لە هەمان ساڵدا.[48]

لە کۆتاییدا دەگەین بەوەی کە هەریەکە لە پاڵنەرەکانی هەڵکەوتەی جوگرافی شاری کەلار و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و فراوانبوونی بەردەوامی شارەکە و دروستبوونی گەڕەکی نوێ و ڕووتێکردنی دانیشتوانی گوندەکان و شارەکانی تر بۆ ناو شاری کەلار و بەرزبوونەوەی داهاتی تاکە کەس و بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و کردنەوەی زانکۆ و پەیمانگاکان لە شارەکە و کرانەوەی زیاتری دانیشتوانەکەی، وایکردووە بەردەوام داواکاری لەسەر چالاکییە جۆربەجۆرەکان لەوانەش فیستیڤاڵەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زۆرتربێت.


**تەوەری سێیەم/ ڕۆڵی فیستیڤاڵەکان لە بە بازارکردنی گەشتوگوزارو ڕاکێشانی گەشتیار ناوچەی لیکۆڵینەوە**

ئەنجامدانی فیستیفاڵ لە شاری کەلار مێژوویەکی کۆنی نیە، بۆ یەکمجار لە ساڵی (2021) چەند گەنجێکی خۆبەخش لە شارەکەدا هەستان بە ئەنجامدانی فیستیفاڵیک بە ناوی (فیستیڤاڵی بازار)، کە لە شاری یاری کەلار بەڕێوەچوو، پێشوازیەکی گەرمی لێکرا لە لایەن هاوڵاتیانەوە، بۆیە بڕیاردرا ساڵانە ئەم فیستیڤاڵە بە هامەهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری گەرمیان بەردەوام بێت، تاوەکو ئێستا پێنج خولی ئەو فیستیڤاڵە لە شارەکەدا ئەنجامدراوە، لەگەڵ فیستیڤاڵی شەوانی ڕەمەزان لە سەر شەقامی مارینا کە ڕەمەزانی ئەمساڵ بە سپۆنسەری پرۆژەی مارینا و لە ژێر چاودێری بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری گەرمیان بەڕێوەچوو.

**1-خولی یەکەمی فیستیڤاڵی بازاڕ**

یەکەمین فیستیڤاڵی بازاڕ لەگەرمیان لە بەرواری فیستیڤاڵەکە لە ڕۆژی پێنجشەممە (2021/1/21)دەستپێکرد و تاوەکو سێ شەممە (2021/1/26) بەردەوام بوو،کە (150) کۆمپانیا و کارگەو جووتیار و خاوەن بەرهەم بەشداریان تێدا کردبوو. لەفیستیڤاڵدا (13) جۆری جیاواز پێشەنگا چالاکی ئەنجامدرواوە (براند و کۆمپانیاکان،کارگەکان، بەرهەمی ناوخۆیی، هەنگەوانی، جل و بەرگ، بۆن و ئیکسسوارات، ناوەندەکانی خوێندن، کێتبخانەکان، کاری دەستی خانمان،ڕێکخراوەکان، خواردەمەنییەکوردەوارییەکان) هەروەها بەبەهای زیاتر لە (60) ملیۆن دینار کاڵا و شمەک لەلایەن کۆمپانیاکانەوە بێ بەرامبەر دابەشکراون. پێشوازی هاوڵاتیان بۆ فیستیڤاڵەکە چاوەڕوانی زیاتر بوون و نزیکەی (70,000) سەردانیکەر و گەشتیار ڕوویان لە فیستیڤاڵەکە کردبوو. نزیکەی (2000) کەس هەلی کاریان بۆ ڕەخساوە بەشێوەی جیاواز، ڕێژەی فرۆشتن لە فیستیڤاڵەکەدا بە بەهای نزیکەی (1000,000,000) دینار بووە ڕێژەی (75%)گرنگی بەبەرهەمی خۆماڵی دراوە، ئەوەش ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر بوژانەوەی ئابوری ناوچەکە.[49]

وێنەی (1) خولی یەکەمی فیستیڤاڵی بازاڕ



سەرچاوە/پەیجی فەرمی بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری گەرمیان

## 2-خولی دووەمی فیستیڤاڵی بەبازاڕکردن

ئەم فیستیڤاڵە لە (2021/11/11) دەستیپیکرد بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ بەردەوامبوو، لەم فیستیڤاڵەدا بۆ یەکەمجارە گروپە گەشتیاریەکان بێنە ناوچەکە، چەندین کۆمپانیایی گەشتیاریی خوار و ناوەراستی عێراق و شارەکانی هەرێمی کوردستان سەردانی فیستیڤاڵەکەیان کردبوو، کە بەنزیکەیی بە (150) هەزار گەشتیار ناوخۆی و دەرەکی مەزەندە دەکرێت. (200) خاوەنکار و براند و خانمی دەستڕەنگین لە (310) کۆشک بەرهەمیان نمایش کردوە. (2500) هەلی کار رەخساوە لەم فستیڤالەدا. بە بەهای (1500.000.000) کڕین و فرۆشتن کراوە,(20) چالاکی جۆراو جۆر لە (سیمینار،پانێل ،جالاکی هونەری، نمایشی شتومەکی کەلتوری )ئەنجامدرا، (135) خانم بەرهەمی دەستی خۆیان نمایش کرد و توانیان هەلی کاریان بۆبرەخسێنی، (6500) پشکنینی پزیشکی بێبەرامبەر بۆ میوانانی فیستیڤاڵ ئەنجامدراوە.[50]

وێنەی (2) خولی دووەمی فیستیڤاڵی بازاڕ



سەرچاوە/پەیجی فەرمی بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری گەرمیان

**3-خولی سێیەمی فیستیڤاڵی بازاڕ**

ئەم فیستیڤاڵە لە بەرواری (2022/11/2) دەستپێکرد بە سپۆنسەری سەرەکی کۆمپانیای (FastPay) لەژێر چاودێری بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشت و گوزاری گەرمیان بۆ ماوەی ٤ ڕۆژ بەردەوام بوو،(200) خاوەنکار و براند و خانمی دەستڕەنگین کارگە و بەرهەمی ناوخۆیی وبراند بەشداربووە،لە ناخۆی کوردستان و دەرەوە وەکو خاوەنکارەکانی ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان.(150) خانم بەرهەمی دەستی خۆیان نمایش کرد و توانیان هەلی کاریان بۆرەخسابوو وەکو خاوەن کار،(3000) پشکنینی پزیشکی بێبەرامبەر بۆ میوانانی فیستیڤاڵ لەلایەن نەخۆشخانە و تیمە جیاوازە بەشداربوەکانەوە ئەنجامدراوە.چالاکیەکانی فیستیڤاڵەکە بریتیبوون لە (پێشانگای کتێب و ئیشی دەستی و خواردنی کوردەواری و چالاکی پەروەدەیی).نزیکەی (180.000) سەردانیکەر و گەشتیار ڕوویان لە فیستیڤاڵەکە کردووە،نزیکەی (2000) هەلی کار لە سنورەکە ڕەخسێنراوە لەم فیستیڤاڵەدا.[51]

**وێنەی (3) خولی سێیەمی فیستیڤاڵی بازاڕ**



سەرچاوە/پەیجی فەرمی بەرێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری گەرمیان

**4-خولی چوارەمی فیستیڤاڵی بازاڕ**

خولی چوارەمی فیستیڤاڵی بازاڕ لە (2023/11/16) بۆماوەی شەش ڕۆژ بەردەوام بو. لە فیستیڤاڵەکەدا (400) خاوەنکار لە (310) کۆشک بەرهەمیان نمایش کردوە. بۆ یەکمجار (9) کۆمپانییای گەشتیاری دەرەکی و ناوخۆیی بە تایبەت گەشتیاریان بۆ گەرمیان و فیستیڤالی چوارەمی گەرمیان هێناوە، بەنزیکەیی (180.000) میوان و گەشتیارلە ناخۆی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی ناوەراست و خوارووی عێراقەوە سەردانی فیستیڤاڵەکەیان کردووە. (2000) هەلی کاری کاتی لە ناوەوە و دەرەوەی فیستیڤاڵ ڕەخسێنراوە، (6) چالاکی هونەری و ئاینی و پەروەردەیی لەسەر ستەیجی فستیفاڵ بەڕێوە چوو.

بەشداری ئافرەتان (42%) بووە وەک خاوەنکار. بە بەهای (2000.000.000) دینار کڕین و فرۆشتن کراوە.[52]

**وێنەی (4) خولی چوارەمی فیستیڤاڵی بازاڕ**



سەرچاوە:پەیچی فەرمی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری گەرمیان.

### 5-خولی پێنجەمی فیستیڤاڵی بازاڕ

پێنجەمین فیستیڤاڵی بازاڕ لە گەرمیان لە لە (2024/11/13) کە بۆ ماوەی چوار ڕۆژ بەردەوام بوو، (305) خاوەن کار زیاتر لە (7) پارێزگا عێراق و وڵاتانی دراوسێوە بەشداری فیستیڤاڵەکەیان کردبوو و کۆشکیان لە فیستیڤاڵدا هەبووە، نزیکەی (2700) هەلی کاری لە سنورەکەدا ڕەخساندبوو. هەروەها ڕێژەی بەشداری خانمان (62%) بوو و نزیکەی (2005000) سەردانیکەر و گەشتیار سەردانی فیستیڤاڵەکەیان کردووە و بە بڕی (1900.000.000) ئاڵوگۆڕی بازرگانی و فرۆش ئەنجامدراوە. هاوکات نزیکەی (10) کۆمپانیای گەشتیاری لە ناوەوە و دەرەوی هەرێمی کوردستان گروپی گەشتیاریان بۆ پێنجەمین فیستیڤاڵی بازاڕ لە شاری کەلار هێنابوو.جگە لە چالاکیە (هونەری و ئاینی و پەروەردەیی) یەکان، زیاتر لە (3000) پشکنینی تەندروستی بێ بەرامبەر بۆ میوانان کراوە، زیاتر لە (10.000) کەس تیروپشکیان پێ کراوە و خەڵاتی بێ بەرامبەریان پێدراوە.[53]

**وێنەی (5) پێنجەمین فیستیڤاڵی بازاڕ**



سەرچاوە/پەیجی فەرمی بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری گەرمیان

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ١

### 6-فیستیڤاڵی شەوانی ڕەمەزانی ماینا

فیستیڤاڵی شەوانی ڕەمەزانی مارینا کە لەلان پرۆژەی مارینا و بەهەماهەنگی و چاودێری بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری گەرمیان لە ڕۆژی (2025/3/17) لە شەقامی مارینا دەستی پێکرد، کە بۆ ماوەی (5) شەو بەردەوام بوو، یەکەم فیستیڤاڵ بوو کە لە شەودا لە شاری کەلاردا ئەنجام بدرێت، چەندین چالاکی (مۆسیقا و سرودی ئاینی، چالاکی پەروەدەیی،نمایشی ئیشی دەستی) ئەنجام دران. (110) خاوەن کار بەشداریان کرد لە فرۆشیارانی ناخۆی و دەرەوەی گەرمیان پێك هاتبوو،نزیکەی (450) هەلی کاری لە سنورەکەدا ڕەخساند. نزیکەی زیاتر (70.000) هەزار سەردانیکار و گەشتیار سەردانی فیستیڤاڵەکەیان کردووە و بە بڕی (110.000.000) ئاڵوگۆڕی بازرگانی و فرۆش ئەنجامدراوە لەم فیستیڤاڵەدا.[54]

**وێنەی (6) فیستیڤاڵی شەوانی ڕەمەزانی مارینا**




سەرچاوە:پەیجی فەرمی پرۆژەی مارینا لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک .

جێگەی ئاماژە بۆ کردنە لە خولی چوارەم و پێنجەمی فیستیڤاڵی بازاڕدا لە ژێر چاودێری بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری گەرمیان و کۆمپانیا سپۆنسەرەکانی ئەم دوو فیستیڤاڵە، بە مەبەستی هاندانی کۆمپانیاکان بۆ هێنانی گەشتیار لە شارەکانی تری هەرێمی کوردستان و باشوور و ناوەڕاستی عێراق بۆ فیستیڤاڵەکە پاکێجێکی خزمەتگوزاری گەشتیاریان پێشکەش بە کۆمپانیا گەشتیارییەکان کردبوو، کە پێک هاتووە چەند ئۆفەرێک لەوانە:

1-دابینکردنی ڕێبەری گەشتیاری

2-داشکاندن لە ئۆتێل و چێشتخانەکان بۆ میوانانی فیستیڤاڵ، بە نمونە ئوتێلی چوار ئەستێرەی لەندەن ئای داشکانی (50% )،ئۆتیل سەرچڵ گلی داشکانی (50%) چێشتخانەی سوڵتان داشکاننی (20%)،چێشخانەی سۆران داشکانی(10%)، ئیتاڵیان کیوزن داشکانی (10%) بۆ بەشی خواردنگە و (50%) بۆ بەشی یاری منداڵان کردبوو.

3-پێدانی سوپاس و پێزانین بە کۆمپانیاکان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری گەرمیانەوە.[55]

ئەم پاکێجە وایکرد (9)کۆمپانیا لە خولی چوارەم و (10) کۆمپانیا لە خولی پێنجەمی فیستیڤاڵەکان، گەشتیاریان لە ناوەوە و دەرەوی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو دوو فیستیڤاڵە هێنابوو،

وەک لە خشتەی (1) بە ڕوونی دەردەکەوێت، ژمارەی گەشتیار و سەردانیکەران لە هەر فیستیڤاڵەکە بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیان کردووە بە بەراورد بە فیستیڤاڵەکانی پێشتر، لە هەمان کاتدا کاریگەی هەبووە لە سەر زیادبوونی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و بڕی فرۆش بەشێوەیەکی ڕاستەوانە لەم دوو فیستیڤاڵەدا.

**خشتەی (1) فستیڤاڵەکانی کەلارلە نێوان ساڵانی (2021-2025)**

| ژ | فیستیڤاڵ | بەروار | ژمارەی هەلی کار | ژمارەی گەشتیار و سەردانیکەر | ئاڵوگۆڕی بازرگانی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | یەکەمین فستیڤالی بازاڕ | 2021/1/21 | 2000 | 70.000 | 100.000.000 |
| 2 | دووەمین فستیڤالی بازاڕ | 2021/11/15 | 2500 | 150.000 | 1500.000.000 |
| 3 | سێیەمین فستیڤالی بازاڕ | 2022/11/2 | 2000 | 180.000 | 1800.000.000 |
| 4 | چوارەمین فستیڤالی بازاڕ | 2023/11/16 | 2000 | 180.000 | 2000.000.000 |
| 5 | پێنجەمین فستیڤالی بازاڕ | 2024/11/13 | 2700 | 205000 | 1900,000.000 |
| 6 | فیستیڤاڵی شەوانی مارینا | 17 / 3 / 2025 | 450 | 70.000 | 110.000.000 |

سەرچاوە:1- بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە.

2- چاوپێکەوتن لەگەڵ محمد شێخ عزیز،سەرپەرشتیاری فیستیڤاڵی شەوانی ڕەمەزانی مارینا 2025/5/5..

3- چاوپێکەوتن لەگەڵ محمد نوری بەرپرسی ڕاگەیاندنی فیستیڤاڵی بازار2025/5/7.

**دەرئەنجام**

١-ناوچەی لێکۆڵینەوە خاوەنی چەندین سروشتی و مرۆییە، کە بنەمایەکی گرنگن بۆ ئەنجامدانی چەندین چالاکی گەشتوگوزاری و جۆرە جیاوازەکانی فیستیڤاڵ ئەوانیش:

➢شوێنی شوێنی جوگرافی شاری کەلار ڕۆڵی گرنگی لە قەبارە و ڕووبەری شارەکە هەیە لە ڕووی خێرا فراوان بوون و گەشەسەندنەوە و چالاکیە ئابووریەکانیەوە، هەروەها هەڵکەوتەی جوگرافی شارەکە یەکێکە لە پاڵنەرە سەرەکی و گرنگەکان بۆ پێویستی شاری کەلار لە ئەنجامدانی جۆرە جیاوازەکانی فیستیڤاڵ لەلایەکەوە، هاتنی ژمارەیەکی زۆر لە هاولاتیانی دەووروبەری کەلار وەکو سەردانیکەر بۆ فستیڤاڵەکانی شارەکە، کە لەم ڕووەوە بووتە خاڵیکی ئەرێنی گرنگ بۆ شاری کەلار.

➢سەبارەت بە لایەنی ئابووری ناوچەی لێکۆڵینەوە، بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی شاری کەلار، نزیکی شارەکە لە مەرزی نێودەوڵەتی پەرویز خانەوە، کاریگەری گەورەی لەسەر جولەی بازرگانی لە شارەکە بە دۆزینەوەی هەلی کار بۆ بەشێک لە دانیشتوانی شارەکە و بەرزبوونەوەی داهاتیانەوە هەیە، کۆی گشتی ئەوانەی لەکەرتی حکومی و تایبەت و کۆمپانیا و

شوێنکارەکانی ناو کۆمەڵگاکە کاردەکەن نزیکەی (4420) کەسن.ئەمەش خاڵێکی ئەرێنی گرنگە بۆ زیادبوونی داواکاری لەسەر چالاکیە گەشتوگوزارییەکان و فستیڤاڵەکان.

➢شاری کەلار لە ماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوودا (29) گەرەک زیادی کردووە، بەهۆی زیادبوونی بەرچاو لە ژمارەی دانیشتوانی شارەکە لەو ماوەیەدا، زیادبوونی دانیشتوانیش پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی هەیە لەگەڵ زیادبوونی داواکاری و خواست لەسەر ئەنجامدانی فیستیڤاڵ و چالاکیە جیاوازەکان بەتایبەتی وەکو لایەنێکی گرنگ و پێوست بۆ حەوانەوە و پشوودانو کات بەسەربردن.

٢-ئەنجامدانی فیستیفاڵ لە شاری کەلار مێژوویەکی کۆنی نیە، لە ساڵی (2021) یەکەم فیستیڤاڵی بەبازارکردن ئەنجامدراوە.

٣-لە شاری کەلار (6) فیستیڤاڵ ئەنجامدراوە، کە کاریگەری لەسەر بابازاڕکردنی گەشتوگوزار هەبووە، لە ڕێگەی هاتنی ژمارەیەکی زۆر لە سەردانیکەر و گەشتیار بۆ شارەکە و دروستکردنی هەلی کار و ئاڵوگۆڕی بازرگانی.

## پێشنیار

١-ئەنجامدانی چەندین فیستیفاڵی جیاواز لە شاری کەلار وەک فستیڤاڵی (بەروبومە کشتوکاڵیەکان،هونەری، کەلتوری،وەرزشی)، بەو پێیەی حەزو ئارەزووی گەشتیاران جیاوازە،ئەمەش دەبێتە هۆیراکێشانی ژمارەیەکی زیاتر لە گەشتیار سەردانیکەر بۆ فشتیڤاڵەکان.

٢-لە ڕووی پلاندانانەوە چەند کاتێکی تایبەت دابنێرێت بۆ ئەنجامدانی فیشتیڤاڵەکان بۆ نمونە فیستیڤالێک لە بەهار و فستیفاڵێک لە هاوین و زستان ئەنجام بدرێت، ئەمەش وا دەکات گەشتیاران هەلی زیاریان هەبێت بۆ سەردانیکردنی شارەکە.

٣-دیزاینکردنی شوێنی تایبەت بە فیستیڤاڵەکان کە خزمەتگوزاریە پێویستەکانی (تەوالێت،شوێنی مانەوە،خواردنگەکان) تێدابێت.

٤-ڕاهێنان کردن بە ڕێخەرانی فستیڤاڵەکان بەمەبەستی شارەزابوون و پەیداکردنی ئەزموون و ڕێکخستنی فیستیڤاڵەکان بەبێ کەموکورتی، وەک ڕاهێنانی گەنجانی شارەکە لە شێوازی خزمەتکردنی میوان و ڕێنمایکردنی گەشتیار.

٥-دروستکردنی پاکێجی گەشتوگوزاری فیستیڤاڵ کە نرخی شوێنی مانەوە و خواردن و گواستنەوە لە خۆبگرێت. بەمەبەستی ڕاکێشانی زیاتری گەشتیاران بۆ فیستیڤاڵەکان.

٦-سود وەرگرتن لە پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتیەکان، بۆ ناساندن و ڤیدۆی ڕاستەوخۆی کاتی فیستیڤاڵەکان،هۆکاریکی کاریگەری ڕاکێشانی گەشتیارە لە ئێستادا.

٧-دروستکردنی ماڵپەری تایبەت بە فیستیڤاڵەکان، کە هەموو زانیاریەکی سەبارەت بە فیستیڤاڵەکان تێدا بێت،هەروەها دروستکردنی لینکی تایبەت لەگەڵ ماڵپەری کۆمپانیا گەشتوگوزارییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان بە مەبەستی ناساندنی فیستیڤاڵەکان.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 1
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

[1] Booth, J ، Festivals and Tourism: Economic Impacts، London: Routledge 2021, p. 45.

[2] - Falassi, A،Time Out of Time: Essays on the Festival، University of New Mexico Press، 1987, p. 2.

[3] - Falck, M،Festivals and Social Identity،Oxford University Press، 2016،p.42.

[4] - Getz, D,Event Studies: Theory, Research and Policy, Routledge, 2018,p.109.

٥- الحاج، ع.الفستيڤالات العربية: التاريخ والأنواع، دار المعرفة,2019، ص 23.

[6] - Turner, V،The Ritual Process: Structure and Anti-Structure، Aldine Publishing،1969,p.96 .

[7] - Getz, D، Event Studies: Theory, Research and Policy، 2010، p.89.

٨- الخضرى، أحمد ،المهرجانات الموسيقية فى العالم العربى،,2020، ص73.

٩- الجبورى، ليلى ،الأعياد والمهرجانات الدينية،2016 ،ص34

[10] -Bowen, J, Religious Festivals in Global Context, 2012,p.156.

[11] - Hall, C. M، Food Festivals and Local Development]،2013،p.201،

[12] -Richards, G., & Palmer, R،Eventful Cities: Cultural، 2010, p. 45.

[13] Getz, D،Event Tourism: Definition, Evolution, and Research، Tourism Management, 2008, p. 72.

١٤- عبدالله، م ،المهرجانات السياحية ودورها في تنشيط الاقتصاد المحلي،دار النهضة العربية، 2019، ص34.

[15] **Quinn, B،Key Concepts in Event Management، SAGE Publications, 2013, p. 89.

[16] - Burkart, A. J., & Medlik, S. (1981). Tourism: Past, Present and Future. Heinemann,p. 33.

[17] -- Pike, S. (2018). Destination Marketing. Routledge, p. 75.

[18] - Kotler, P., Bowen, J. T., & Makens, J. (2017). Marketing for Hospitality and Tourism. Pearson,p. 45.

[19] -- UNWTO. (2022). Tourism Highlights. World Tourism Organization,p. 4.

[20] - Morrison, A. M. (2019). Marketing and Managing Tourism Destinations. Routledge,p. 88.

[21] - Kotler, P., & Keller, K. L. (2016). Marketing Management. Pearson,p.78.

[22] - WTO (2020). Global Report on Marketing Strategies,p.12

[23] - UNWTO (2019). Tourism Highlights. World Tourism Organization,p.23.

[24] - Hall, C. M. (2020). Tourism Planning. Routledge,p.67.

[25] -. Morrison, A. M. (2018). Marketing and Managing Tourism Destinations. Routledge,p.89

[26] -. Chaffey, D., & Ellis-Chadwick, F. (2019). Digital Marketing. Pearson,p.112.

[27] - Guttentag, D. (2017). "Virtual reality: Applications and implications for tourism." Tourism Management, p.61.

[28] - Kotler, P., & Keller, K. L. (2016). Marketing Management. Pearson,p.78.

[29]- Pike, S. (2018). Destination Marketing. Routledge,p.56.

[30]-صبري الهيتي و صالح فليح حسن، جغرافية المدن, مديرية دار كتب لطباعة و النشر، موصل، 1986ص 10-43.

[31]- عبدالرزاق عباس حسين، جغرافية المدن, مطبعة اسعد، بغداد،1977, ص36.

[32]- رزگار حاجی حمید، کەلار مێژوویەکی دێرین و جوگرافیای شارێکی زندوو (1970-2012)، سەرچاوەی پێشوو، لا32.

[33]- خالد وەلی عەلی، دابەشبوون و ئاستی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە شاری کەلاردا، سەرچاوەی پێشوو. لا54.

[34]- بنار حسن عبد الرحمن، کاریگەری جوڵەی گواستنەوەی ناوخۆی (ئۆتۆمبێل) لەبونیادنانی پیشەی و ئاوەدانکردنەوەی شاری کەلار، ماستەر نامە (بڵاونەکراوە)، زانکۆی گەرمیان، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان و وەرزش، بەشی جوگرافیا، 2017،لا29.

[35]- جاسم محمد، کەلار لە لادێوە بۆ شار، سەرچاوەی پێشوو، لا40.

[36]-جمهورية العراق وزارة التخطيط، الجهاز المركزي الحصاء، هيئة التعداد العام و الدراسات السكانية، نتائج ترقيم المباني و حصر السكان، للمحافضة السليمانية، لسنة 1977-1987، ص361.

[37]عوسمان محمد علی، قەزای کەلار لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی جوگرافیا، 2014، لا57.

[38]- گۆران شێخ مستەفا، کاریگەرییە ئابووریەکانی جیۆسایید لە گەرمیان، چاپ و پەخشی هێڵ، سلێمانی، 2010، لا120.

[39]-بەڕێوبەرایەتی ئاماری گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە، 2012.

[40]-بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، هۆبەی پلادانان، داتای بڵاونەکراوە،2015.

[41]- بەڕێوبەرایەتی ئاماری گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە،2021.

[42]- مقداد حسن عبدالقادر، شاری کەلار-لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای شار، سەرچاوەی پێشوو، لا38.

[43]-عبدڵله غفور، پێکهاتەی ئیداری لە هەرێمی کوردستاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک، 2008، لا56.

[44]- شیروان عمر رشید، بنەما جوگرافیەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، لا155.

[45]-ئەژین کەریم محمد،هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە شاری کەلاردا(لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیا گەشتوگوزار)، ماستەر نامە (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان بەشی جوگرافیا، 2022،لا29.

[46]-سالم علي الشوارة و محمد عبداللة الحسيس، جغرافيا السكان، دارالصفاء للنشر و التوزيع، ط1, عمان، 2001، ص130.

[47]- شیروان عمر رشید، بنەما جوگرافیەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانی، هەمان سەرچاوەی پیشوو،157.

[48]-بەڕێوبەرایەتی ئاماری سڵێمانی ،داتای بڵاونەکراوە،2020.

[49]-بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری گەرمیان،2025/5/4.

[50]- چاوپێکەوتن لەگەڵ محمد شهید نوری بەرپرسی ڕاگەیاندنی فیستیڤاڵی بازار،2025/5/7.

[51]- بەشی ڕاگەیاندنی کۆمپانیای (FastPay) لە کەلار.لە بەرواری 2025/5/7.

[52]- چاوپێکەوتن لەگەڵ محمد نوری بەرپرسی ڕاگەیاندنی فیستیڤاڵی بازار،2025/5/7.
[53]- بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە.لە بەرواری 2025/5/4.
[54]-چاوپێکەوتن لەگەڵ محمد شێخ عزیز،سەرپەرشتیاری فیستیڤاڵی شەوانی ڕەمەزانی مارینا، لە بەرواری 2025/5/5.
[55]- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەنوەر محمد لێپرسراوی بەشی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری گەرمیان،لە بەرواری ٢٠٢٥/٥/٦.

**سەرچاوەکان**

**کتێب**

١-شێخ مستەفا، گۆران ,کاریگەرییە ئابووریەکانی جینۆساید لە گەرمیان، چاپ و پەخشی هێڵ، سلێمانی، 2010.

٢-شاهۆ سالح ئەمین وئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کەردستانی عێراق، عێراق و جیهان، چاپی یەکەم، کۆمپانیایی تێنوس، هەولێر، 2009.

٣-غفور،عبدلله ،پێکهاتەی ئیداری لە هەرێمی کوردستاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک، 2008.

**نامەی ماستەر و دکتۆرا**

1- عبد الرحمن، بنار حسن، کاریگەری جوڵەی گواستنەوەی ناوخۆی (ئۆتۆمبێل) لەبونیادنانی پیشەی و ئاوەدانکردنەوەی شاری کەلار، ماستەر نامە (بڵاونەکراوە)، زانکۆی گەرمیان، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان و وەرزش، بەشی جوگرافیا، 2017.
2- علی، عوسمان محمد، قەزای کەلار لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی جوگرافیا، 2014.
١-محمد،ئەژین کەریم ،هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە شاری کەلاردا(لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیا گەشتوگوزار)، ماستەر نامە (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان بەشی جوگرافیا، 2022.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان**

**کتێب**

١-عبدالله، م ،المهرجانات السياحية ودورها في تنشيط الاقتصاد المحلي،دار النهضة العربية، 2019.

٢-الحاج، ع.الفستيڤالات العربية: التاريخ والأنواع، دار المعرفة2019.

٣-الخضري، أحمد ،المهرجانات الموسيقية في العالم العربي،2020.

٤-الجبوري، ليلى ،الأعياد والمهرجانات الدينية، 2016.

٥-سالم علي الشوارة و محمد عبداللة الحسيس، جغرافيا السكان، دارالصفاء للنشر و التوزيع، ط١، عمان، ٢٠٠١.

## سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان

### کتێب


1.Booth, **J.** (2021). *Festivals and Tourism: Economic Impacts*. Routledge.
2.Burkart, A. J., & Medlik, S**.** (1981). *Tourism: Past, Present and Future*. Heinemann.
3.Falassi, A. (1987). *Time Out of Time: Essays on the Festival*. University of New Mexico Press.
4.Falck, M**.** (2016). *Festivals and Social Identity*. Oxford University Press.
5.Getz, D. (2010). *Event Studies: Theory, Research and Policy*. Routledge.
6.Getz, D. (2018). *Event Studies: Theory, Research and Policy* (2nd ed.). Routledge.
7.Hall, C. M. (2020). *Tourism Planning*. Routledge.
8.Kotler, P., Bowen, J. T., & Makens, J. (2017). *Marketing for Hospitality and Tourism* (7th ed.). Pearson.
9.Kotler, P., & Keller, K. L. (2016). *Marketing Management* (15th ed.). Pearson.
10.Morrison, A. M. (2018). *Marketing and Managing Tourism Destinations*. Routledge.
11.Morrison, A. M. (2019). *Marketing and Managing Tourism Destinations* (2nd ed.). Routledge.
12.Pike, S. (2018). *Destination Marketing*. Routledge.
13.Quinn, B**.** (2013). *Key Concepts in Event Management*. SAGE Publications.
14.Richards, G., & Palmer, R. (2010). *Eventful Cities: Cultural Management and Urban Revitalisation*. Routledge.
15.Turner, V. (1969). *The Ritual Process: Structure and Anti-Structure*. Aldine Publishing.


### گۆڤار


16.Getz, D. (2008). Event Tourism: Definition, Evolution, and Research. Tourism Management, 29(3), 403–428.


### ڕاپۆرتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان


17.UNWTO. (2019). Tourism Highlights. World Tourism Organization.
18.UNWTO. (2022). Tourism Highlights. World Tourism Organization.
19.WTO. (2020). Global Report on Marketing Strategies.


## شەشەم: بەرنامەکۆمپیوتەرییەکان


20.ARC GIS, ARC Map V. 10.8.1
21.3. Google Earth Pro V. 7.3


## چاوپێکەوتن


١-چاوپێکەوتن لەگەڵ محمد شێخ عزیز،سەرپەرشتیاری فیستیڤاڵی شەوانی ڕەمەزانی مارینا، لە بەرواری 2025/5/5.
٢-چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەنوەر محمد لێپرسراوی بەشی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری گەرمیان،لە بەرواری 2025/5/6.
٣-چاوپێکەوتن لەگەڵ محمد شهید نوری بەرپرسی ڕاگەیاندنی فیستیڤاڵی بازار،2025/5/7.


### دام و دەزگا حوکمیەکان


١-بەرێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، هۆبەی پلادانان، داتای بڵاونەکراوە،2024.

٢-بەڕێوبەرایەتی ئاماری گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە،2024.
٣-بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری گەرمیان،2025/5/4.
٤-وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، نەخشەی کارگێری پارێزگای سلێمانی، بەشی Gis، 2024.

**resources**

**book**

1-Sheikh Mustafa, Goran, Economic Impacts of Genocide in Garmian, Hel Publishing House, Sulaimani،

2-Shaho Salih Amin and others, Atlas of Iraqi Kurdistan Region, Iraq and the World, first edition, Tenus Company, Erbil, 2009.

3-Ghafoor, Abdullah, Administrative Structure in the Kurdistan Region, First Edition, Khani Printing House, Duhok،

**Master's and Doctoral theses**

1-Abdulrahman, Binar Hassan, Impact of Domestic Transportation Movement (Vehicle) in Professional Construction and Reconstruction of Kalar, Master's Thesis (Unpublished), Garmian University, College of Humanities and Sports, Department of Geography،

2-Ali, Osman Mohammed, Kalar District, A Study in Regional Geography, Master's Thesis (unpublished), Sulaimani University, College of Humanities, Department of Geography،

3-Mohammed, Azhin Karim, Evaluation of Welfare Services in Kalar (A Study in Tourism Geography), Master's Thesis (unpublished), Sulaimani University, College of Humanities, Department of Geography،

**Second, the Arabic sources**

**book**

1-Abdullah, M., Tourism Tourism and its Role in the Development of the Local Economy, Arab Renaissance House،

2-Al-Hajj, A. Arab Festivals: History and Types, Dar Al-Ma'arifa

3-Al-Khadri, Ahmad, Music Festivals in the Arab World،

4-Al-Jabouri, Lily, Religious Restaurants and Festivals،

5-Saleem Ali Al-Shuwara and Mohammed Abdullah Al-Hussis, Geography of Skan, Dar al-Safa Publishing and Distribution, Vol. 1, Oman،

**Third, English sources**

**book**

1.Booth, J. (2021). Festivals and Tourism: Economic Impacts. Routledge.

2.Burkart, A. J., & Medlik, S. (1981). Tourism: Past, Present and Future. Heinemann.

3.Falassi, A. (1987). Time Out of Time: Essays on the Festival. University of New Mexico Press.

4.Falck, M. (2016). Festivals and Social Identity. Oxford University Press.
5.Getz, D. (2010). Event Studies: Theory, Research and Policy. Routledge.
6.Getz, D. (2018). Event Studies: Theory, Research and Policy (2nd ed.). Routledge.
7.Hall, C. M. (2020). Tourism Planning. Routledge.
8.Kotler, P., Bowen, J. T., & Makens, J. (2017). Marketing for Hospitality and Tourism (7th ed.). Pearson.
9.Kotler, P., & Keller, K. L. (2016). Marketing Management (15th ed.). Pearson.
10.Morrison, A. M. (2018). Marketing and Managing Tourism Destinations. Routledge.
11.Morrison, A.M. (2019). Marketing and Managing Tourism Destinations (2nd ed.). Routledge.
12.Pike, S. (2018). Destination Marketing. Routledge.
13.Quinn, B. (2013). Key Concepts in Event Management. SAGE Publications.
14.Richards , G. , & Palmer , R. (2010). Eventful Cities: Cultural Management and Urban Revitalization. Routledge.
15.Turner, V. (1969). The Ritual Process: Structure and Anti-Structure. Aldine Publishing.

**magazine**

1 .Getz, D. (2008). Event Tourism: Definition, Evolution, and Research. Tourism Management, 29(3), 403–428.

Reports of international organizations

1 .UNWTO. (2019). Tourism Highlights. World Tourism Organization.
2 .UNWTO. (2022). Tourism Highlights. World Tourism Organization.
3 .WTO. (2020). Global Report on Marketing Strategies.

**Sixth: Computer programs**

1 .ARC GIS, ARC Map V. 10.8.1
2 .Google Earth Pro V. 7.3

meet

1-Interview with Mohammed Sheikh Aziz, Supervisor of Marina Ramadan Nights Festival, on 5/5/2
2-Interview with Anwar Mohammed, Head of Media Department of Garmian General Directorate of Tourism, on 6/5/2
3-Interview with Mohammed Shahid Nuri, Head of Media of Bazaar Festival, 7/5/2

Government institutions

1-Sulaimani Statistical Directorate, Planning Department, Unpublished Data،
2-Garmian Statistical Directorate, unpublished data،
3-Garmian General Directorate of Tourism, 4/5/2

4-Ministry of Planning, Sulaimani Statistical Directorate, Administrative Map of Sulaimani Province, Gis Department,